## ڕۆژئاوا : تیا ترۆخانە .... یەکەمین وێنەی بەر لە کۆچ

**شێرزاد حەسەن**

ئەم نووسینە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی .کاك . " شادمان ساڵح " ە کە لە " دانیمارك " ەوە بە من گەیشت ، پرسیارەکەش سەبارەت بە روانینی لاوی کوردە کە بەر لە کۆچکردن ڕووەو ڕۆژئاوا وا تێدەگات کە ئازادی سێکسی لەوێندەرێ فەراهەمە، یان وەك ڕەوشتپارێزەکانی لای خۆمان دەڵێن"بەڕەڵلاخانەیە" ، گەرچی گوزارشتی "روانینی رووتی لاوی کورد بۆ رۆژئاوا" وا بە رەهایی راست نییە چونکە داتا و ئامارمان لەلا نیە و را پرسیمان نەکردووە،بەلاّم بە گەڕانەوە بۆ ئەو دیدارانەی کاك شادومان لەتەك ژمارەیەك لاودا هەر هەمان ئەو وێنەیەمان دەداتێ کە لە زۆر سات و کاتی دیکەدا هەستمان پێکردووە کە رۆژئاوا لە روانگەی خەڵکی ئێمەدا "تیاترۆخانەیەکی گەورەیە"، لە هەر کات و شوێنێکدا خوازیاری بیت دەتوانیت سێکس بکەیت ، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشێکی زۆری ئەو فانتازیا زۆر ڕووتەی لەسەر کچان و ژنانی چاوشین و قژی زەردی ئەوێندەرێ هەیەتی دەبێت بە واقیع ، ئاخۆ سەرچاوەی ئەو خەیاڵە لە کوێوە هاتووە ؟ ئاخۆ نێرینەی کورد چۆن لە ڕووە راستەقینەکەی سێکس تێدەگات بەوەی کە بزانێت شتومەکێکی هەرزان نییە ، ئەوە و هەندێك راز و نهێنی دیکە کە من گەرەکمە لە وەڵامەکەدا بیوروژێنم تاوەکو کەسانی دیکەش درێژەی پێبدەن، هەڵبەتە بۆ ئەم نووسینە کەڵکم لە پاڵەوانی رۆمانی " وەرزی کۆچ بەرەو باکوور " ی ( تەیب ساڵح ) ی سوودانی وەرگرتووە کە زۆربەی هەرە زۆری گەنج و تۆلازی رۆژهەلاتی هەمان دید و بۆچوونی " مستەفا سەعید " یان هەیە سەبارەت بە رۆژئاوا کە پاڵەوانێکی سیخناخە بە گرێ و دەردەکانی بێبەشی گەنجێکی رۆژهەلاتی، ئەو دیدەی کە رۆژئاوا بە " تیاترۆخانە " دەزانێت ، هەڵبەتە وەلامی ئەو چەند گەنجە کوردەش کە لە دانیمارك دەژین یارمەتی دام کە ئەو وەڵامانە بکەم بە سەرەتای خوێندنەوەی خۆم بۆ ئەم دۆخە ناجۆرە و ئەو خەیاڵە هەژارەی لاوی کورد .

زۆر ئەستەمە لەم نووسینەدا مێژووی کۆچ و ڕەوی هەزارەها کورد ، بە گەنج و پیر و نێر و مێ-وە ، ڕووە و هەندەران و لەم سەدەیەدا بگێڕینەوە ، دیارە فاکتەرە ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکان لە پشت ئەو کۆچ و سەفەرکردنەدا بوون کە پتر لە سەر هەڵگرتن و ڕەوی بە کۆمەڵ و لە جێلەقبووون و لە جێهەڵکەندن خۆیان نواندووە ، هەڵبەت ئەم کۆچ و ڕەوە بەختی باش یان خراپی یان تێکەڵ لە باش و خراپی هەموو کورد بووە و لە هەر هەموو پارچەکانی کوردستان .

پرسیاری سەرەکی ئەمجارە بە تەنها دەیەوێت وەلامی کۆچڕەوی لاوانی کورد بداتەوە بەتەنها لەو روانگە کەمەلایەتییەوە کە دەکەوێتە ناو بازنەی سۆزدارییەوە کە دیارە من پێم راستترە لەبری سێکسی دەستەواژەی سۆزداری بەکاربێنم چونکە کۆی گرفتەکانی رۆح و جەستەیە ، بە تایبەتیش بۆ نێرینەکان ، کە ئەگەرچی هۆکاری ڕامیاری و ئابووری لە پشت ئەو دیاردەوە گەمەی قورسی خۆیان دەکەن ، بەلاّم وەك لە وەڵامی ئەو لاوانە دەر دەکەوێ کە وێنەی ( رۆژئاوا ) لای ئەوان و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە گەنجەکان و بگرە پیرکانیش

وینەی ( تیاترۆخانە ) یەکی گەورە و پڕ لە ئارتێست و سۆزانی خۆی بینیوەتەوە ، هەڵبەت زۆرن ئەو لاوانەی کە دوای ساڵانێك هێدمەگرتی دەبن، بەواتا تووشی( سەدمە ) دەبن، پێچەوانەی ئەو وێنەیە دەدۆزنەوە و ئەو خەیاڵە زۆر خۆشە کە دەرئە نجامی مێژووی سەرکوتکردن و کپکردنی ئارەزووەکانی ئەوان بووە ، هەر هەمووی پووچەڵ دەبێتەوە ، یا زۆر کورتی دێنێت . هەڵبەتە هەموو لاوێك لە کوردستان دەستخەڕۆ و فریو خواردووی هەقایەتەکانی ناو کۆمەڵگای خۆیەتی ، خەیاڵی هەر یەك لە ئێمە سیخناخە بە سەدها وێنەی ئەو ئافرەتانەی کە لە سەر پلاژ – کەنار دەریاکان بە رووتی مەلە دەکەن ، بێبەشی و دووری لاوەکانی ئەم وڵاتە لە خۆشەویستی و سۆز و سێکس تا بێت ئەم وێنە رووتانە رووتتر دەکاتەوە ، وێنەی ئەو هەموو کچ و ژنانەی کە باوك و برا و مێردیان نیە و حەرەڵلاو بەڕڵلا دەسووڕێنەوەو ڕاوی نێرەوز دەکەن ، سەیرەکە لەوەدایە وێنەی لاوەکان وەك راوچی لەناو وڵاتدا پێچەوانە دەکەوێتەوەو ئەمجارەیان لەزەت لەوە دەکەن کە ئەوانی راوچی بۆ خانمانی چاوشین و قژزەرد دەبن بە ڕاوکراو، خەیاڵ پرش دەبێت لەوێنەی ئەو ئافرەتانەی کە کەمێ پیرن و پارە و سامان دەخەنە بەر دەستی ئەو کوڕە خورتانەی پێخەفە ساردەکانیان گەرم دەکەنەوە ، گەنجی ئێمە سەرەتای ناسینی رۆژئاوا بە بینینی ئەو فلیمە رووتانە دەست پێدەکات کە لە سینەما زۆر کۆن و هەرزانەکانی ناو وڵاتی خۆمان پیشان دەدرێن ، بینینی ئەو فلیمە رووتانەی ناو ڤیدیۆ و سیدییەکان و گۆڤارە سێکسییەکان کە لە رۆژگارێکدا نرخی زۆریان دەکرد و جار هەبوو دە-دوانزە گەنج پارەیان کۆ دەکردەوە تاوەکو گۆڤارێکی رووت بکڕن و هەر شەوەو لەلای یەکێکیان بێت ، هەر هەمووشی وێنەی رووتی ئافرەتە قژ زەرد و چاو شینەکان بوو ، لە دوای هاتنی تەلەفزیون و سەتەلایت و ئینتەرنێت وێنەی ( تیاترۆخانە ) ئاسای رۆژئاوا زەقتر بۆوە ، بازاڕەکانی لەشفرۆشی و بوونی سەدەها سایت وایان کرد کە لاوێکی کورد وا مەزەندە بکات کە کڕینی پێڵاو و کراسێك لە وڵاتەکەی خۆی گرانتر بێت لە کڕینی لەشێکی جوان ، لە هەمووی خرا پتر چیرۆکی ئەو گەشتیار و گەنجانەی کە لە رۆژئاواوە دێنەوە و هەقایەتی راست و درۆ تێکەڵ دەکەن ، هەمیشە وێنەی پیاوەتی و نێرینەیی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە ژمارەی ئەو ئافرەتانە زیاتر بکەن کە ئەوان ( کازانۆفا ) ئاسا سەریان لێشێواوە و نەیانزانیوە لە گەڵ کامەیاندا بنوون ، خەیاڵ و زێدەڕۆیی و درۆ وای لێکردوون کە خۆیان بە شازادەکانی ڕۆژهەڵات بەراورد بکەن ، وای بنوێنن کە ئەوان لەوێندەرێ لە ( هارون ڕەشید ) کەمتر نەبوون ، زۆرن ئەو هەقایەت و ئەفسانانەی وێنەی ( تیاترۆخانە ) لای ئێمە زەق دەکەنەوە . بە بەراورد لە گەڵ وێنەی تیاترۆخانەدا ، وێنەیەکی دیکەی رۆژئاوا هەیە کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە لاوەکانی ئێمە دەیبینن ، رۆژئاوا وەك وێنەی شۆڕشی پیشەسازی و تەقینەوەی تەکنۆلۆژیا و پەیوەندیداری خێراو و عەقلانییەت و شۆڕشی رامیاری و فەلسەفی و چەندەها رێبازی هونەری و ئەدەبی رەنگاورەنگ ، زاڵبوون و بەسەر سروشت و پشکنینە زانستییەکان و چوونە ناو ئاسمان و زەریاکان ، گەرچی بەر لەوەش ڕۆژئاوا حەکایەتی کۆلۆنیال و ئیمپریالیزم و جەنگە جیهانییەکان بووە ، بەڵام ئەوەی پتر لای ئێمە بەرجەستە بووە ، بەڕێژەیەکی بەربڵاو ، وێنەی تیاترۆخانەیە،بەتاییەتی دەیەیەك لەمەوبەر ، گەر بڕوا بەوە بێنین کە پاشخانی فیکری

و ئەخلاقی زۆربەمان سەرەتاکەی خێزانیکی ئاینپەروەر بێت یان پەروەردەی ناو مزگەوت بێت ، هیچ گومانی تێدانیە کە ڕۆژئاوا مەڵبەندی ( فسق و فجوور و فاحیشە ) بووە ، نەك مەڵبەندی ( نیچە و هیگل و سارتەر و ڤۆلتێر و سپینۆزا و رامبۆ و بۆدلێر و جۆیس و ئەدیسۆن و بیکاسۆ و بیتهۆڤن .. هتد ) ،مەگەر لە لای دەستەبژێریك لە خوێندەوارانی کورد، ئەگینا هەرگیز مەڵبەندی شۆرشی دیموکراسی و مرۆڤپەروەری نەبووە ، بەلکو لە لای ئێمەمانان مەملەکەتی هەوا و هەوەس و شەهوەت و کۆکردنەوەی ئافرەتە لەش فرۆشەکانی سەر کەناری دەریا و سەر جادەکان و ناو بارەکان بووە ، وێنەی نووستن لە گەڵ ژنە چاوشینەکانی ناو پارك و باخچەکان ، بەو پەڕی ئازادییەوە ، بێئەوەی کەس بڵێت حەرامە ، زۆر جار کۆچ بە جێهێشتنی جوگرافیای گەورەی "حەرامەکان" بووە ڕووەو جوگرافیای دیکە کە هەموو شتێك تیایدا حەڵاڵە ، خەیاڵی ( خلاعی ) وایکردووە گە نجی ڕۆژهەلاتی وا بزانێت کە زۆر ئاسان دەتوانێت بە گەسك ئافرەت لەسەر جادەکان کۆ بکاتەوە ، هەڵبەتە چەندە پانتایی حەرام و سەرکوتکردن و کپکردنی ئارزووەکان پتر بێت ، ئەوەندە خەیاڵ ، خەیاڵی سێکسی ، هارتر و رووتتر دەبێت ، مەسەلەکە زۆر ئاسان و سادەیە ، چەندە برسیتر بیت ئەوندە پتر خەون بە سفرە و خوانی چەورەوە دەبینیت ، شتێکی سەیر نییە کە گە نجێك لە هەزارەی سێیەمدا بە ناوی پاککردنەوەی زەوی لە ( فەساد ) و بە ناوی شەهادەتەوە خۆ دەتەقێنێتەوەو ، یەکێك لە خەونە هەرە گەورەکانی ئەوەیە بگات بە حەفتاو دوو حۆرییەکانی ناو بەهەشت ، ئەو گە نجە چەندە نەوسن و بێ سۆز و سێکس بێت ، ئەوەندە پتر خۆ کوشتن و گەیشتن بە بەهەشت دەبێت بە خولیای یەکەمی ، لای دوو گە نجی برسی و چڵێس بۆ ئافرەت وێنەی ڕۆژئاوایەکی پڕ لە ئافرەتی جوان و ئامادە بۆ خۆ بەدەستەوە دان لەگەڵ وێنەی ئەو بەهەشتە یەك دەگرێتەوە کە پڕە لە حۆری جوان و ئامادە ، هەردووکیان دواندنی ڕۆح و لەشی زۆر برسی و نەوسنی ئەو دوو گە نجەیە ، یەکێکیان خۆی دەتەقێنێتەوە بەو ئومێدەی بگات بە حۆرییەکان و یەکێکیان خۆی دەخاتە ناو دەریای ( ئیجە ) ەوە چێش لەوەی دەبێت بە خۆراکی قرش و ماسییەکان ، گەر نەخنکا لە ( یۆنان )ەوە دەگاتە بەهەشتەکانی ڕۆژ ئاوا . هەر وێنەیەك ئاسمانی بێت یا سەر بە زەوی ، دواجار زادەی فانتازیایکە ، فانتازیاش هەمیشە زادەی ئەو ژینگە و کەلتوورەیە کە کەسەکان تێیدا بەو ڕۆحەوە لە دایك دەبن کە سەر لە بەری ژیانیان وەڵام دانەوە دەبێت بەو فانتازیا و ڕۆحە ، ناکرێت ، ئێمە لەمرۆکەدا ، وەك سووکایەتی و کەمو کوڕی لە کەسییەتی گە نجی کورد بڕوانین مادامەکیٚ ئەوەندە نەوسن و چڵێسە ، وێنەکان کە لە خەیاڵی ئەودا بەرامبەر بە ڕۆژئاوا ئەوەندە ناشیر ینە..ئەم هەرگیز بەم وێنانەوە لە دایك نەبووە ، وا راستترە بەر لە دادگایی کردن و رەخنە گرتن لە دوخێك و ڕۆحێك کە هی گە نجی کوردە ، زۆر مەرجە ئەو ژینگەیە بناسین کە ئەمی تێدا پەروەردە بووە، مەرجە لەوە فانتازیا و کارگەی خەیاڵە بپرسین کە ئەم جۆرە بوونەوەرانەی دروست کردووە ، ئەمەیان چاکترین سەرەتایە بۆ گومان کردن لەو کەلتوورەو خوێندنەوەی پێکهاتەی رەوشت و ڕۆحمان ، دواجار هەوڵدانێك بۆ گۆڕین و پاك کردنەوەی فانتازیایەك کە سەر لەبەری ژیانی ئێمەی گەمارۆ داوە ، هەڵبەتە خودی ئەو خەیاڵ و فانتازیایە مێژوویەکی وەها دوور و درێژ و سەقامگیری هەیە کە مێژوویەکی لەوە درێژتری دەویٚ تاوەکو پاك دەبێتەوە ،

هەر ئەوەشە وامان لێدەکات بێ ترس و دوودڵی گومان لەو کەلتوور و بەهایانە بکەین کە ئێمەی بەم قوناغە گەیاندووە ، زەحمەتی ئەم کارەش لەوەدا قورستر دەبێتەوە کە ئێمە هەر بەها و داب و نەریت و یان سەر لە بەری ئەو کەلتوورەی خۆمان بە پیرۆز و پاکتر دەبینین ، بۆ هەمیشە ئەویدیکە کافر و پیس و تێکدەرە ، هەر بۆیە فانتازیای ناشیرینی خۆمان وامان لێناکات پرسیار و گومان لە خۆمان و بەهاکانمان بکەین ، بەڵکو دیسانەوە بەرامبەرەکەمان گوناهبار دەکەین بەوەی بووەتە مایەی شێواندنی رۆح و بەهاکان و رەوشتمان ، ئەو خۆ پاك کردنەوەو بێ بەری بوونە لە فانتازیایەکی رەش و وێنەیەکی شێواو ئاسانترین گەمەیە کە دەیکەین ، بەلاَم گەمەیەکە زۆر ناشیرین و درۆزنانە . لە میانەی وەلاَمدانەوەی ئەم پرسیارە ( مستەفا سەعید ) م بیر کەوتەوە کە پاڵەوانی رۆمانی ( وەرزی کۆچ بەرەو باکوور ) ە کە رۆماننووسی سوودانی ( تەیب ساڵح ) نوسیوویەتی کە بە وردی سەرگوزشتەو ماجەرای ژیانی قوتابییەکی سوودانی زیرەکە کە دەسەلاَتدارانی ئینگلیز لە ( خەرتووم ) ەوە دەینێرنە ( لەندەن ) تا دەگا بەوەی دکتورا لە ( ئابووری کۆلۆنیالیزم ) وەر بگرێ ، بەلاَم ( مستەفا سەعید ) پاڵەوانێکە کە ( لەندەن ) وەك ئافرەتێکی ئامادەو ناوگەڵ کراوە سەیر دەکا ، لەدوای ئەو هەموو زانستەی کە وەریدەگرێت هاوار دەکا و دەڵی : "من هاتووم داگیرتان بکەم .. " مەبەستی داگیر کردنی ئافرەتەکانە ، زۆر بە کورتی خوێندەوار و نەخوێندەواری رۆژهەلاَتی و کوردیش یەکێکە لەوانە تەواو نزیکن لە وێنە و کارەکتەری ( مستەفا سەعید ) کە دواجار لە رێی گەڵ و گونییەوە وەك نێرینەیەکی خورت و هەمیشە پەرپو تۆڵە لە رۆژئاوا دەکاتەوە ، ئەو خۆی باش دەناسێت کە لە رووی فیکری و رۆشنبیرییەوە هەرچییەك بکات بڕوای بەوە نییە هاوشانی رۆژئاواییەك بێت ، هەمیشە لە رووی دەروونی و رۆشنبیریەوە هەست بە ئیفلیج بوونی و کەمبوودی خۆی دەکات ، سێکس و نووستن لە گەڵ ژن و کچانی چاو شین دەکا بە مەیدانی جەنگەکەی کە بە خەیاڵی خۆی تاکە مەیدانێکە تیایدا دەتوانێت سەربکەوێت ، هەر بۆیە فریودان و نووستن لە گەڵ هەر ژنێك بە شکاندنی تەلیسمی رۆژئاوا تێدەگات ، زۆربەی جاریش لە بەردەم ئەو ئافرەتە شۆخ و شەنگانە لەناو پێخەفدا یان لە گەمەی سۆزداریدا دەیدۆڕێنێت ، ئەوەش گوزارشتە لە ترسی پیاوانی رۆژهەلاَتی لەبەردەم شۆخێکی رۆژئاواییدا ، رۆژئاوای هێز و دەسەلاَت ، دۆڕانیش لە ناو پێخەفدا لە دیدی رۆژهەلاَتییەك ئەوپەڕی ناپیاوەتی و دۆڕانی نێرینەیی و ( فحوولەتە ) ، نموونەی ئەو پیاوە دۆڕاوانەی ناو پێخەف لەبەردەمی ئافرەتی رۆژئاوادا هەقایەتی زۆربەی ئەو ( ناپیاوانەیە لە رووی سێکسییەوە ) کە کرێکاری نەگبەتی تونس و جەزائیر و مەغریبی ناو فەرەنسا-ن ، ئەو چیرۆکە غەمگینانەی کە بەڕاستی قەوماون و رۆماننووسی جەزائیری ( تاهیر بن جەللوون ) لە کتێبی – ئەوپەڕی تەنیایی – یان – دوورەپەرێزی – باسیان دەکات ، لێرەدا من نموونەی ئەو گە نجە کوردانەم بیر دەکەوێتەوە کە لەزانکۆی بەغدا بەیەکەوە دەما نخوێند ، لە نێوان عیشق و نووستن لە گەڵ سۆزانیدا تیا مابوون و زۆر جاران دەیانوت عەرەب کوردستانیان لێ داگیر کردووین ، ئێمەش لە تۆڵەی ئەوەدا لەگەڵ ژنەکانیان دەخەوین کە لە بنەرەتدا بۆ خۆی برسییەتییەکی سێکسی بووە ، سەیر نییە گەر بڵێین کە لەم دۆخە زۆر نەخۆشەدا تۆڵە و شەهوەت و کوشتن تێکەڵ دەبن ، زۆرن چیرۆکی ئەو کوشتن و بڕینەی پیاوان دەر

هەق بە ژنان دەیکەن ، هەر وەکو ( مستەفا سەعید ) کە بەوە تێر نابێت ژنەکان و کچەکان ئەتك بکات ، بەڵکو پەلاماریان دەدا و سادییانە دەیانکوژێت ، عوسابی –نێرفوزەی ئەم شارستانیانەیە ، ئەم لە قووڵایی نەستی –لاشعوری- خۆیدا خودی ئەو شارستانییەتە وێران دەکات کە پڕ بە دڵ حەز دەکات ببێت بە موڵکی ئەویش لە ناو ئەو ئافرەتانەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەتکیان دەکا و دەیانکوژێت ، بەڵام ئەو گەمەی ئەتك کردن و کوشتنە هەرگیز کۆتایی نایەت ، هەموومان ئاگادارین کە لەو هەزارەها گەنجەی کورد کە چ سەرگەرمی دڵداری بووبن و چ سێکسبازی ،دوا چارەنووسیان گەڕانەوەیە و بەڕێکەت کەسوکاری زۆرێك لەو لاوانە ژنیان بۆ دەدۆزنەوە ، دواجار گەنجی ڕۆژهەڵات ، کە گەنجی کوردوستانیش دەگرێتەوە ، سەرەتا وەکو ڕاوچییەك ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکا وەك خوداوەندێکی بیابان نشین یان چیانشین خۆی دەبینێت ، وەك کەڵەگایەك ، کەچی دواجار لە وێنەی نێچیردا خۆی دەبینێتەوە ، لە نێرێکی خورتەوە بۆ خەسێندراو ، لەگەڵ تێپەڕینی ساڵ و مانگ و ڕۆژەکاندا تێدەگات ئەم مۆم – شەمع – نییەو چیدیکە ئافرەتەکانیش پەروانە نین ، درەنگ و زوو تێدەگات کە فلیم و ڕۆمان و هەقایەتە پڕ لە هەوەسەکان فریویان دا ، چیتر ڕۆژئاوا تیاترۆخانە نیەو چیتر باخی ئەو بەهەشتە نیە لەبری هەرمێ و هەنار و سێو..درەختەکانی مەمك بگرن ، چیتر ئەو ئەسپە نیە بحیلێنێ و بپەڕێت ، بەڵکو خۆی دەبینێت جڵەو کراوە عارەبانە ڕادەکێشێت ، لەناو ئیش و کاردا شەکەت و ماندوو ، لە ناو پاس و شەمەندەفەر و میترۆکاندا لە تاو هیلاکی خەوتووە .

گەنجی کورد لەوەدا ئازادی بەمانای بەرەڵایی تێدەگات ، لە ساتەوەختی یەکەمدا زۆر زەحمەتە لەوە تێبگات ئازادی لە ڕۆژئاوا کەش و هەوایەك بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە درووست دەکات کە تیایدا کچان و ژنان تەواو هێزی ئەوەیان هەیە بڵێن نەخێر و بەڵێ لە کاتی پێویست ، ڕاستە هەندێك دەروازە هەن بۆ کڕینی سێکس ، وەك کڕینی هەرشتێکی دیکە ، بەڵام خودی ئازادییە وا دەکات کە ملیۆنەها ژن و پیاو فێری ئەوە بن کە خاوەنی خۆیان بن و وەها، لەوە سەیرتر ئەوەیە کە گەنجی ڕۆژهەڵاتی کە کوردی لێبەدەر نیە هەرگیز ئامادە نیە دوای غەریبی چەندەها ساڵ و هاتنەوە خەیاڵی خۆی بەدرۆ بخاتەوە ، هەتا گەر پێچەوانەی فانتازیاکەی خۆی دیبێت ، ئامادە نیە ئەو هەموو فیلم و هەقایەتە بە درۆ بخاتەوە، هەمیشە دەبێ بەو هەقایە تخوانە سیحربازەی کە دەیەها گەنجی لە خۆی بێبەشتر کۆ دەکاتەوەو ئەوانیش بەدیار حەکایەتی ( شەهریار ) دا لیك دەکەن کە هەر شەوەو بووکێکی تازەی ئەتك کردووە و پاشان کوشتوویەتی ، یان لەبەر هاتنی بووکێکی تازە ئەوەی پێشووتری فەرامۆش کردووە ، هەڵبەتە ئەم جۆرە حەکایەتانە پڕ دەبن لە درۆ و فیشاڵ ، چەندە گوێگرانی سەرسام بن ، حەکایە تخوان ئەوەندە پتر دەم دادەپچڕێت ، هەستدەکات کە ئەم چ ( دۆن جوان ) ێکە ، گرفتەکە لێرەدایە کە کەس ئامادە نیە ئەو حەکایە تخوانە لەوە کەمتر و پێچەوانەکەی بڵێت ، لە سەردەمی گەنجییەتیمەوە تا بەم تەمەنە دەگات لە زۆر دانیشتنی سەر مێزەکان لەم جۆرە حەکایەتانەم گوێ لێبووە ، بەدەم قسە وباس و نوکتە و خواردنەوە لێیان پرسیوم کە ئاخۆ لەو ئاوروپایە چۆنم ڕابواردووە ، کە پێم وتوون : هیچ .. و چۆن چووم ..ئاواهی هاتوومەتەوە ، ئەو کەسانە تا بڵێی نائومێد و غەمگین و تووڕە بوون چونکە من زانیومە کە ئەو کەسانە چەندە لە مندا چاوەڕێی

حەکایە تخوانێکی هەوەسباز بوون ، ئەم حاڵەتە زۆر شتی تێگەیاندم و زانیم چ پەیوەندییەکی توندوتوڵ حەکایە تخوانی هەوەسباز و درۆزن بە گوێگرێکی نەوسن و برسی دەبەستێتەوە ، گومانی تێدا نیە کە لە رۆژئاواش کەم نین ئەو کچ و ژنانەی بە حەکایەتی پڕ لە درۆی رۆژهەڵاتییەکان فریو دەخۆن ، یان سۆز جوڵاندنی ئافرەتەکان بە ئاو و هەوای ئیستیوائی ، خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دادەبەزنە سەر سەرت ، ئاسۆی ئەرخەوانی ، پیاسە کردن لەسەر پشتی حوشتر و فیل ، بوونی مەل و گیانداری سەیر و سەمەرە لە هەموو شوێنێکدا ، بیابانی زێڕین .. هتد . هەر چەندە ئەم دیمەن و حەکایەتانە ئافرەتەکان سەراسیمە دەکات ، بەڵام مەرج نیە وایان لێبێت بچنە ناو پێخەفەوە . هەڵبەتە ئەو دۆخەی کە پتر وای کردووە گەنجی ئێمە لێرەوە سەر هەڵبگرێت و روو لەوێندەرێ – رۆژئاوا – بکات،بەشێکی بێبەشی و دابڕانییەتی لە هەر چی سۆز و خۆشەویستی کە لەو تەمەنە ناسکەدا پێویستی پێیەتی ، زۆر بە دەگمەن رێك دەکەوێت دوو عاشق بتوانن بە کامی دڵ و دوور لە چاوان لە باخچەیەکدا یان لە هیچ شوێنێکی دیکە ژوان ببەستن ، هەموو دونیا دەبێ بە چاو و چاودێر ، هەر هەموو کەسێك لەم وڵاتە دەبێ بە پۆلیسی ئەخلاق ، چوونە جەنگ ئاسانترە لە چوونە ناو ژوانێکەوە ، رۆژانە لەسەر لا پەڕەی رۆژنامەکان چیرۆکی ئەو کچ و ژنە کوژراوانە دەخوێنینەوە کە گوایە لەسەر مەسەلەی ناماوس پەرستی و شەرەف کوژراون ، یان هەتا لە سەر هەڵگرتنی ( موبایل ) یەك بە دزییەوە یان بینینی ژمارەی کەسێکی نەناس لەناو مۆبایلەکەدا ، گەنج بەو هەموو وزەی ئیرۆتیکی خۆیەوە جگە لە دەستپەڕ هیچی دیکە شك نابات ، دۆریەکی گەورەیە بە تەنها وا هەست بکەین کە ( مستەفا سەعید ) و نمونەکانی وەك مستەفا لە پای دوژمنایەتی مێژوویانەی بۆ رۆژئاوا و کۆلۆنیالیزم دەچنە ناو گۆڕەپانی جەنگێك کە پێخۆستەکەی لەشی نەرم و شلی ئافرەتە چاو شینەکانە ، نەبوونی کەمترین گەمەی عیشق و سۆزداری و تەعبیر کردن لە وزەی تەقیوی ئیرۆسییەت ئەو جەنگە گەرمتر دەکات ، جا ئەو جەنگە چ لە واقیعدا بوونی هەبێت کە من لێی بە گومانم ، یان تەنها لە ناو خەون و خەیاڵی کەسێکی نەخۆشدا خۆی بنوێنێت ، خۆ ئەگەر توانی دڵی ئافرەتێك داگیر بکات یان کچۆڵەیەك فریو بدات ، چارەنووسی پتر لە چارەنووسی ( ئۆتێللۆ ) ی مەغریبی دەچێت کە لە دوای بردنەوەی هەموو جەنگەکان ، هێشتا گومانی هەیە رۆح و لەشی ( دێزدەمونە ) ی داگیر کردبێت ، ئەم شانۆ گەرییەی ( شکسپیر ) کە بە مەرگی ( دێزدەمونە ) کوتایی دێت ، چاکترین نمونەی پیاوی رۆژهەڵاتی بەدگومان و دڵکرمێ دەردەخات کە غیرە شێتی دەکا و بە مەرگی دڵخوازەکەی نەبێت دڵی ئاو ناخواتەوە ، کەواتە دواجار گەمەی سۆزداری دەبێ بە گەمەیەکی توندو تیژ لەسەر لەشی ئافرەتەکان ، دەبێ بە سرووتی دڵڕەقی و خوێن ، یان ئەوەتا وەکو ( ئۆتێللۆ ) مەعشوقەکەمان دەکوژین یان لەکۆتایدا وەك ( مستەفا سەعید ) دێینەوە کوێرە گوندەکەی خۆمان و خۆمان دەکوژین . دیارە بەشێکی زۆری ئەو دۆخە ناجۆرو نازانستی و نائینسانییەی کە ئێمە تیایدا پەروەردە دەبین.. ئەو بەها و مۆراڵەی بە ئێمەی ئەزبەر دەکەن ، هەر لە منداڵییەوە ، وامان لێدەکات کە دوو وێنەی دژ بە یەك لە خەیاڵی ئێمەدا دروست بێت ، ئەویش وێنەی پیرۆزی دایکە و بە پلەی دووەمیش وێنەی خوشك و کچان و ژنانی کەس و کار و تا وەکو دەگات بە وێنەی پاکی کچ و ژنانی هەر هەموو گەڕەك دەگرێتەوە ، کە

دواجار سەرچاوەکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆ دایك ، مەبەست لە وێنەی دایکیش بە پیرۆز کردن و بە حەرامکردنی هەر خەیاڵ و پەیوەندییەکی سۆزدارییە ، ئەو وێنەیە وەها گەورە دەبێت کە دواجار دەچێتە سەر وێنەی هەر کچێك کە لاوێك خۆشی دەوێت ، بە واتا خۆشەویستی هەمیشە ڕەهەندێکی زۆر سۆفی و ڕۆمانسی وەردەگرێت ، هەتا گەر بۆ کچێکیش بێت ، لەبەر ئەوەی دۆخی خۆشەویستی بۆ دایك ، وەها کوشندە و نەخۆشانە خۆ دەنوێنێت ، کە وا دەکات هەر ئافرەتێکی خۆشەویست بە پیرۆز بکات و نزیکبوونەوە لێی گەر حەرامیش نەبێت ، ئەوە پڕە لە ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ ، لەو لاوە وێنەی ئافرەتێك کە بابەتی سێکس و خۆ تێر کردن بێت ، بە حوکمی ئەوەی لە منداڵییەوە خودی کردەی سێکس حەرام و پیس و ناشیرین کراوە لامان ، گەمەیە کە لەگەڵ کچ و ژنە پیرۆز و پاکەکاندا ناکرێت ، هەر بۆیە لە کەلتووری ئێمەدا خۆشەویستی یەکێکە لە حەرامە هەرە گەورەکان ، ئێستاکەش لە زۆر شوێنی ئەم وڵاتەدا زەماوەندی پاش دڵداری حەرامە ، بە تایبەتی لە گوند و شارۆچکەکان، دیارە زۆرن ئەو کەسانەی کە لە ناو شارە گەورەکاندا نابەدڵ قایل دەبن ، دڕ دۆنگ و مۆن لەم زەماوەندە دەڕوانن ، قێز کردنەوە و بێز کردنەوە لە سێکس و خودی ئافرەت لە لای پیاوانی ئێمە حاڵەتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت ، گەر چی لە ڕووکەشدا مرۆڤ پێچەوانەکەی دەبینێت ، سەیر نییە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە پیاوانی ڕۆژهەڵاتی و کورد ، بە گەنج و پیرەوە خولیای ئەوەن لە گەڵ سۆزانییەك – لەشفرۆش- بنوون ، چونکە لە خەیاڵی زۆربەدا سێکس کردن کردەیەکی پیسە ، دواجار لە گەڵ کەسێکی پیسدا دەکرێت کە لە دیدی ئەواندا سۆزانییە بێئەوەی هەست بەوە بکات کە چ ڕۆحێکی شێواو وای لێکردووە خۆی بە ئازادتر و ئازاتر و نێرتر بزانێت ، من بیرمە و دەیەها پیاوم دەناسی لە هەولێر ، ئەو کاتانەی کە هێشتا تیاترۆخانەکانی بەغدا و مووسڵ کراوە بوون ، ژنە شۆخ و شەنگەکانی خۆیان بە جێدەهێشت و بۆ چەند ڕۆژێك دەچوونە بەغدا و موسڵ خۆیان لە سۆزانییەکاندا بەتاڵ دەکردەوە .

ئەم پەرەگرافە درێژە تەنها بۆ ئەوەیە بڵێم کە گە نجی کورد لەو دۆخە پیرۆز و پاکە ڕادەکات کە هەموو چەشنە حەز و هەوەس و خەون و خولیا و هۆگر بوونێکی لێ حەرام کراوە ، ئەوێندەریش پڕە لەو ئافرەتە ئاسان و پیسانەی کە دەتوانێت دوور لە هەموو حەرام و حەڵاڵێك لە گەڵیاندا بنوێت ، دیارە ئاسان و پیس لە دیدی ئەوان کە دواجار لەو کەلتوورەوە هاتووە کە هەموو حەز و خۆشەویستییەك بۆ مێینە بە مەیلێکی شەیتانی دەزانێت، لێرەدا ناکرێت لە یادەوەری هەر یەکێکماندا کاریگەری چیرۆکی ( ئادەم و حەوا ) فەرامۆش بکرێت ،کاریگەری گوناهی یەکەم و فریوی ئافرەت و دۆڕانی بەهەشت ، دواجار چیرۆکی دەست تێکەڵ کردنی حەوا و شەیتان ، شەیتان لە بەرگی مارێکدا کە بە گوێی ( ئادەم ) دا دەچرپێنێ تاوەکو لە درەختە حەرام کراوەکە بخۆن ، دیارە کۆی ئەزموونی عیشق و حەزی هەر یەك لە ئێمە چ لە گەڵ دڵدارەکەماندا بێ یان لە تەك سۆزانییەکدا ، کەم و زۆر پەیوەستە بەو خەیاڵە نەخۆشەوە ، چ ڕۆمانسی بین و چ سۆفی و چ هەوەسباز ، دواجار گیرۆدەی ڕۆح و لەشێکی زۆر ناتەندروستین ، لە دژوارییەکی گەورەدا دەژین ، ناتەبایی خەیاڵ و حەقیقەت ، فانتازیا و واقیع ، ئێمە هەر هەموومان لە شیزۆفرینیایەکی زۆر گەورەدا دەژین ، لە پای داب و نەریت و بەها درۆزنەکان و دووفاقی و ریاکاری بووین بە هەڵگری ڕۆحێکی زۆر ترسنۆك و شەرمن ، بووین بە

تـارمایی ، چ لە نـاو وڵاتـدا بـژین و چ ڕووەو ئـاسمانـەکانی دیکـە هـەڵفڕین ، درزێکـی زۆر گـەورە کەوتووتـە نێوان لەش و رۆح ، ئێمە کۆمەڵە پیاوێکین کە هەرگیز گەورە نـابین و تێر نـابین ، لە ڕووی سۆزدارییەوە هـەر منـداڵین ، هەمیشـە لـە رێـی پـەڕینی زۆر و زیـاد کردنـی ژمـارەی مەعشـووق و ئـافرەتـە فریـو خواردووەکـان دەمانەوێت بیسـەلمێنین پیـاوین ، وەکـو ( بـۆدلێر ) مـان لێهـاتووە کـە هـاوار دەکـات " ئـاە .. خۆزگـە هـەموو ئافرەتەکانی سەرزەمین دەبوون بەیەك ئافرەت و ماچێکم بکردایە و بموتبایە : ئۆخەی ..!" ئێمـەین پیـاوە زۆر بەستەزمان و نەخۆش و و زەبوونەکان جا چ لە بـاوەشی دایکمـان ، دڵدارەکـەکمان ، ژنەکـەمان یـان هـی سۆزانییەکدا بین ، چ لێرە بین و چ لە ڕۆژئـاوادا.